گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# چەمکە میتافۆرییەکان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەویی دا

**م.ی. سەروەر سەعدوڵڵا ساڵەح**

**بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردە -زانکۆی چەرموو -هەرێمی کوردستان**

Sarwar.sadulla@chu.edu.iq

## پوختە:

لە کۆنەوە شاعیران و ئەدیبان و نووسەرە داهێنەرەکان، میتافۆریان وەکو شێوازێکی ئاخاوتن و پتریش بە مەبەستی بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی هونەریی و بەرجەستەکردنی کاریگەریی ڕەوانبێژییانە لە ئاخاوتن و لە دەقی نووسراودا بەکارهێناوە. لە بەرانبەر تێڕوانینی دێرین و کوندا بۆ میتافۆر، ڕووانگەیەکی تر هەیە بە ناوی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، کە خاوەنی دیدێکی تەواو جیاوازە بۆ میتافۆر و پێی وایە ئەو سیستەمە واتاییەی، کە مرۆڤ لەگەڵی ڕاهاتووە و ڕۆژانە لەگەڵیدا ئەژی و تەنانەت بەپێی ئەو سیستەمەش بیر ئەکاتەوە، لە بنەڕەتدا تێکەڵ بە میتافۆرە. هەر بۆیە، مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونکردن و تێگەیشتنی شتێك، بەهۆی جۆر، یان بابەت و شتگەلێکی دیکەوە لە جەوهەری میتافۆر ئەگات. میتافۆریش کار لەسەر بوار ئەکات، کە ئەوانیش (بواری سەرچاوە) و (بواری مەبەست)ن. ئەنجامی توێژینەوەکە نیشانی ئەدات لە دەقە شیعرییەکانی مەولەوییدا بە چەشنێك کاری نەخشەی میتافۆرەکان لە بواری سەرچاوەوە بەرەو بواری مەبەست چنراوە، کە بەهۆی بواری سەرچاوەوە تێگەیشتن لە رووبەر و پانتایی ئەزموونی مرۆڤ ئاسان بێت، بواری مەبەستیش ئەبێتە ئەو چەمکەی ، کە شاعیر هەوڵی ڕاڤەکردنی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بەشێوەیەکی زۆر داهێنەرانە بۆ گوزارشتکردن لە دیوی ناوەوەی خۆی و دنیای دەرەکیی، چەندین چەمکی میتافۆری لە وێنەی (ئاڕاستەیی، پێکهاتەیی، بوونناسیی)ی بەکارهێناوە، بەرچاوترینیان بەکارهێنانی میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەییە.

**کلیلە وشەکان: زانستی زمانی درکپێکردن، سیمانتیکی درکپێکردن، میتافۆر، مەولەویی.**

Recieved: 13/9/2024
Accepted: 12/10/2024

## ١/ پێشەکیی:

یەکێک لە لقەکانی زانستی زمان، زانستی زمانی درکپێکردنە، بەگشتیی ئەم زانستە لە دەیەی (١٩٧٠)، بە داوە بووە جێی بایەخ و سەرنجی توێژەرانی بواری زمان و ناوەندە زمانەوانییەکان، مێژووی لەدایکبوونی ئەم زانستە بۆ هەوڵەکانی زمانەوانانی وەك لاکۆف و تالمی و لانگەکار ئەگەڕێتەوە. زمانەوانانی درکپێکردن و بەتایبەت لیکاف زانیاریی زمانیی لە بیرکردنەوە جیاناکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕیە، کە زانیاریی زمانیی تایبەتمەندیی هەموو مرۆڤێکە. (Lakoff and Johnson: ٢٠٠٣). ئەم زمانەوانانە میتافۆر بە کەرەستەیەکی گونجاو و بەکەڵك بۆ دەرخستن و نیشاندانی بیرکردنەوەی مرۆڤ و زمان ئەزانن. میتافۆر لە زانستی زمانی درکپێکردندا، ئەزموون و تێگەیشتنی بوارێکی چەمکییە لەسەر بنەمای چەمکێکی تر، ئەوەیشی لە میتافۆری چەمکییدا روو ئەدات پێی ئەوترێت نەخشەکێشان (Mapping)، لەم نێوەندەدا لاکۆف و جانسۆن میتافۆری چەمکییان بەسەر سێ جۆردا (ئاڕاستەیی، پێکهاتەیی، بوونناسیی)دا، پۆلێن کرد.

سەید عەبدولڕەحیم، ناوسراو بە مەولەویی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد، کەسێکە پەروەردەی ناو خانەقانە و حوجرەکانەوە، بەم هۆیەشەوە ئاشنایەتییەکی زۆری لەگەڵ زانستە ئایینییەکان و زمانی عەرەبیی و عیرفاندا هەیە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە بە شێوازێکی نوێ ئاوڕ لە دەقە شیعرییەکانی مەولەویی بدرێتەوە، بەتایبەت شیکردنەوەی بەشێك لەو میتافۆرە چەمکییانەی، کە لە دیوانەکەدا هەن و ڕەنگیان داوەتەوە.

## ٢/ هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

زانستی زمانی درکپێکردن بەراورد بە قوتابخانە و ڕێبازە زمانیی و ئەدەبییەکانی پێش خۆی، تیڕوانینێکی تەواو جیاواز بۆ چەمکی میتافۆر ئەخاتە روو. پێی وایە میتافۆر ئەوەندەی دیاردەیەکی پەیوەستە بە پرۆسەکانی بیری مرۆڤەوە، ئەوەندە هونەرێکی زمانیی نییە، بەلای ئێمەوە ئەم دیدە نوێیە جێی سەرنج و هەڵوێستەلەسەرکردن بوو. ئەمەیش هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە بوو.

## ٣/ میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەدا ڕێبازی (وەسفیی- شیکاریی) بەکارهێنراوە، تا بەهۆیەوە بتوانرێت هەندێك لەو چەمکە میتافۆرانەی، کە هەن بخرێنە ڕوو، هەر وەکو ئەوەی لە بەشێك دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

٤/ پرسیاری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە هەوڵ ئەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١. بۆچی زانستی زمانی درکپێکردن، دید و بۆچوونەکانی قوتابخانەی دێرینی سەبارەت بە میتافۆر خستە ژێر پرسیارەوە و لە بەرانبەردا تێورێکی نوێ و کاریگەریی بە ناوی تیوری میتافۆری چەمکیی هێناوە ئاراوە؟

٢. بۆچی مەولەویی پەنا ئەباتە بەر بەکارهێنانی میتافۆری چەمکیی؟، شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو میتافۆرانە کردووە؟

٣. ئەو میتافۆرانەی، کە لە دەقە شیعرییەکانی مەولەوییدا هەن کامانەن، پاشان کام جۆریان زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە؟

## ٤/ بونیادی توێژینەوەکە:

جگە لە پێشەکیی و خستنەڕووی میتۆدی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە لە پوختەیەکی تیۆری دەربارەی زانستی زمانی درکپێکردن، سیمانتیکی درکپێکردن، میتافۆری چەمکی و جۆرەکانی پێکهاتووە. بەشی پراکتیکیش بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی میتافۆرەکان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەوییدا تەرخان کراوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا راسپاردە و پێشنیاز، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان و وەرگێڕانی پوختەی توێژینەوەکە بۆ هەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی.

## ٥/ زانستی زمانی درکپێکردن linguistic cognitive:

لە زمانی ئیگلیزییدا بۆ درکپێکردن زاراوەی (cognitive) و لە زمانی فارسییدا زاراوەی (شناختی) و لە زمانی عەرەبییشدا زاراوەی (الادراك)ی بۆ بەکارهاتووە. لە زمانی کوردییشدا چەند زاراوەیەکی وەك (مەعریفی، زانینیی، درکپێکردن)ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام لە نێو ئەو زاراوانەدا، لەم توێژینەوەدا زاراوەی لە بری زاراوەی زانینیی، درکپێکردن پەسەندکراوە، چونکە زاراوەی زانینیی راستەوخۆ وەرگێراوی زاراوە فارسییەکە (شناختی)یە.

زانستی زمانی درکپێکردن خاوەنی روانگە و تێڕوانینی ئەزموونکراو و جیاواز لە قوتابخانە و رێبازەکانی پێش خۆیەتی، زمانەوانانی ئەم بوارە وەك ئامێری رێکخستن و جێبەجێکردنی کردەکان و گواستنەوەی زانیاریی لە زمانیان روانیوە. لەم گۆشەنیگایەوە لە زانستی زمانی درکپێکردندا شیکردنەوەی شارەزایی و چەمکی کەتیگۆرییە زمانەوانییەکان گرنگییەکی سەرەکییی هەیە و زمان وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لێی ناکۆڵرێتەوە، بەڵکو وەك رەنگدانەوەی چەمکە گشتییەکان، رێساکانی بەپۆلکردن، میکانیزمەکانی بەپێواژۆکردن و کاریگەرییە ژینگەیی و شارەزاییەکان لێی کۆڵراوەتەوە. بڕوانە: (Geeraerts& Cuyckens, ٢٠٠٧: ٣-٥)، (گۆنا عومەر عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣: ٦).

لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا، کە چۆمسکی رابەرایەتی ئەکرد، سینتاکس بە چەقی لێکۆڵینەوە زمانییەکان دائەنرا. جیاواز لەمە هەر لەم قوتابخانەیەدا زمان وەك مۆدیلێکی سەربەخۆ تەماشاکراوە و وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆش لە ئاوەزدا لێی کۆڵراوەتەوە، بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن سەرلەبەری ئەم بۆچوونانە رەت ئەکاتەوە و خەجت لە ناسەربەخۆیی ئاستەکانی زمان ئەکاتەوە، وەك لایەنی (دەنگ و فۆنیم/ لایەنی فۆنۆلۆجیی، مۆفۆلۆجیی و سینتاکس، لایەنی رێزمان، سیمانتیك و پراگماتیك، لایەنی واتا). راستییەکی تر، کە پەیوەستە بە زانستی زمانی درکپێکردنەوە و شیاوی ئاماژەبۆکردنە ئەوەیە، کە ((لەم قوتابخانەدا زمان دۆخی نێوەندگیریی لە نێوان ئاوەز و واقیعدا ئەگێڕێت. لەم روانگەیەوە زمان وەك کۆگایەکی کۆزانینی جیهانی و کۆکراوەی کەتیگۆرییە واتاداره دارِشتەکراوەکان بینراوە، کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ شارەزاییە نوێیەکان و هەڵگرتنی زانیاریی دەربارەی کۆنترینیان یارمەتیمان ئەدات.)). (گۆنا عومەر عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣: ٦). ئەم قوتابخانەیە زمان تێهەڵکێشی گشت توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ ئەبینێت، واتە زمان تەنها لە یەك سەرچاوەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو سەرجەم تواناکانی مرۆڤ پێکەوە زمانیان خوڵقاندووە. ئەمەش وا ئەکات، کە زمان رۆڵی ناوەندیی لە نێوان ئاوەزی مرۆڤ و ئەزموونەکانی لە جیهاندا بینێت، بەم پێیە زمان پردی پەیوەندییە لە نێوان ئاوەز و شارەزایی و ئەزموونی مرۆڤ لەو جیهانەدا، کە تێیدا ئەژین. (شاهۆ ساڵەح حەمە حسێن، ٢٠٢٣: ٣). هەر بۆیە، لایەنی ژینگە و دەوروبەر، لایەنی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و دروونیی، لەگەڵ هەموو ئەزموون و توانستەکان کاریگەرییان لەسەر درکپێکردنی مرۆڤ هەیە. کەواتە ئەتوانرێت، بگوترێت ئەرك و ئامانجی زانستی زمانی درکپێکردن وەرگرتنی زانیاریی و ئاشکراکردنی واتایە، مرۆڤ لە رێگەی ئەزموون و تواناکانییەوە کۆمەڵێك

زانیاریی ئەگاتە ئاوەزێ، هەوڵ ئەدات ڕێکیان بخات، لە ئاکامدا بەچەمککردن دێتە ئاراوە. دواتر پرۆسەی درکپێکردن لە ئاوەزدا ڕوو ئەدات، کە خۆی لە پەیوەندیکردنی واتا و بەکارهێنانی زماندا ئەبینێتەوە. کەواتە (( زانستی زمانی درکپێکردن بە تێڕوانینێکی ئەزموونگەرییانە پێی وایە، کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤ، کە مەبەست لێی زمانیشە بکرێت بە دابڕاویی و دوور لە شارەزایی مرۆڤ)). (کاروان عومەر قادر، ٢٠١٢: ٩٨). ئەم قوتابخانەیە سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دوو لقی سەرەکیی بنیات ئەنێت، کە دواتر قوتابخانەکەش لە ڕێگەی ئەم دوو لقە گرنگەیەوە ڕەگی خۆی داکوتاوە، ئەوانیش بریتیین لە (ڕێزمانی درکپێکردن، سیمانتیکی درکپێکردن)، لەم توێژینەوەیەدا تەنها جەخت لە سیمانتیکی درکپێکردن کراوەتەوە، کە لە خوارەوەدا ئاماژەی پێ دراوە.

## ٦/ سیمانتیکی درکپێکردن cognitive semantic:

سیمانتیکی درکپێکردن لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، بۆ یەکەم جار وەك زاراوە لاکۆن لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی (cognitive semantic)، خستیە ڕوو. زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردن ئاماژە بەوە ئەکەن، کە لەم قوتابخانەیەدا لێکۆڵینەوە لە واتا زیاتر گرنگی پێدراوە، نەك ڕێزمان. (محمد راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢١). لایەنێکی تر، کە ئەم قوتابخانەیە پێداگیریی لەسەر ئەکات ئەوەیە، کە بابەتی سەربەخۆبوونی زمان لە پرۆسە هزرییەکانی دیکەی مرۆڤ لە ئارادا نییە. بە جیادانانی شیکردنەوەی زمانیشی بەلاوە پەسەند نییە، چونکە ناکرێت زمانێك لەڕووی سینتاکسەوە تاوتوێ بکرێت و بە پشتگوێخستنی واتای ئەو یەکانەی توێژینەوەیان لەسەر ئەکرێت بە ئاکامێکی پەسەند بگەین. (رووخسار نەبی مەقەید، ٢٠٢٢: ١٩٣). کەواتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەم قوتابخانە لە قوتابخانەکانی پێش خۆی ئەوەیە، کە ئاستەکانی زمان لە یەك تر جیا ناکاتەوە و باوەڕی وایە هەموو ئاستەکان یەك پاکێجن و پێکەوە یەکتر تەواو ئەکەن. جگە لە ئەمە لایەنی واتایی گرنگییەکی زۆری پێدراوە، چونکە لە هەموو ئاستەکانی تری زماندا واتا ئامادەیی هەیە. ڕاستییەکی تر ئەبیزرێت، کە قوتابخانەکە وای ئەبینێت، کە واتا گرێدراوی لایەنی ئەزموون و شارەزایی و ئاگایی مرۆڤە، کە لە ڕێگەیەوە پرۆسەی بەچەمککردن دێنێتە ئاراوە، بە چەمککردنیش لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر ئەگۆڕێت.

لە کۆی هەموو ئەوانەی خرایە ڕوو دەتوانرێت، بگوترێت سیمانتیکی درکپێکردن بریتییە لە کۆمەڵێك تیۆری پەیوەندیدار بە لایەنی ڕێزمان و واتا کار بۆ گەیاندنی واتا ئەکەن، هەر یەکە و لە ڕووانگەیەکی چەمکیانە مۆدێلێك پێشکەش ئەکات، لە جیاتی پشتبەستن بە تەنها بە واتای وشە (کرۆکە واتا)، پشت بە بەکارهێنانی وشەکان دەبستێت لەناو کۆنتێکست و دەقدا، لە بارودۆخێکی دیاریکراو لە کات و شوێنی بەکارهێنانی وشەکان لەلایەن بەکارهێنەرەکان و بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی کلتوریی و کۆمەڵایەتیی تاك و کۆمەڵ، بە کۆی گشتیی ئەمانە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی پێك ئەهێنن و لەگەڵ تایبەتمەندییە (سیماتیکی، سینتاکسیی، مۆرفۆلۆجیی، فۆنۆلۆجیی) ی وشەکاندا داڕشتە چەمکییەکان دائەڕێژن. (شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٤٥). هەر بۆیە لەم قوتابخانەدا واتای سیمانتیکیی و پراگماتیکیی لەیەك جیا ناکرێتەوە، ئەم جیانەکردنەوەیش ئەبێتە هۆکاری پێکهاتنی داڕشتەی چەمکیی.

سیمانتیکی درکپێکردن تاکە تیۆر و ڕێباز نییە، بەڵکو خاوەنی چەند دیدی جیاوازە، کە لە بنەڕەتدا چەند سیمایەکی هاوبەش کۆیان ئەکاتەوە و هەر ئەم سیما هاوبەشانەش بنەما سەرەکییەکانی ئەم تێڕوانینە پێك ئەهێنن، کە (Evans and Green)، لە چوار بنەمای سەرەکیی خستوویانەتە ڕوو، بەم شێوەیە:

**١. ڕۆنانی چەمکیی ڕۆنانێکی بەرجەستە کراوە.**

٢. ڕۆنانی واتا، ڕۆنانێکی چەمکییە.

٣. نواندنی واتا، ئینسکلۆپیدیاییە.

٤. پێکهاتەی واتایی بەچەمککردنە.

٥. واتا لە گۆڕان و نوێبوونەدایە (داینامیکییە)، نەرم و نیانە.

٦. واتای زمانیی لە ڕووانگەی جیاوازەوە سەرچاوە ئەگرێت. (Evans and Green, ٢٠٠٦: ١٥٦).

٧/ میتافۆری چەمکیی Conceptul metaphor:

لاکۆف و جانسۆن لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کتێبێکیان لە ژێر ناوی (ئەو میتافۆرانەی لەگەڵیان ئەژین Metaphor We Live By)، بڵاوکردەوە، کە لەو کتێبەدا بۆچوون و دیدی دێرین و کلاسکیان لەسەر میتافۆر ژێر پرسیارەوە، بەم هەنگاوەیان توانیان ئاڕاستەیەکی نوێ بۆ میتافۆر بهێننە ئاراوە. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە توێژەران بە چاوێکی جیاواز و تازە مامەڵە لەگەڵ میتافۆردا بکەن.

ئەو دوو پێشەنگە پێیان وابوو ئەو سیستەمە واتاییەی، کە مرۆڤ لەگەڵی ڕاهاتووە و ڕۆژانە لەگەڵیدا ئەژی و تەنانەت بە پێی ئەو سیستەمەش بیر ئەکاتەوە، لە بنەڕەتدا تێکەڵ بە میتافۆرە، هەروەها ڕەتی ئەکەنەوە، میتافۆر تایبەت بکرێت بە شاعیران و نووسەران و ئەو کەسانەی، کە سەرقاڵی توێژینەوەی ڕەوانبێژیین، بەڵکو لە بەرانبەردا میتافۆر بە پێداویستییەکی زمان ئەزانن و جەخت ئەکەنەوە، کە میتافۆر بە شێوەیەکی سروشتیی ناخودئاگا بەرهەم دێت و دەرئەکەوێت. (Lakoff, and Johnson, ١٩٨٠: ٥٢). کەواتە خاڵی جیاکەرەوەی ڕووانگەی نوێ/ دێرین و لاکۆف و جانسۆن لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، کە :

١. میتافۆر لە ڕووانگەی دێرینەدا تایبەتە سنورێکی دیاریکراوی هەیە و تایبەتە بە وشە، بەڵام لە ڕووانگەی نوێدا سنورێکی فراوانی هەیە و تایبەتە بە چەمك.

٢. میتافۆر لە ڕووانگەی دێریندا سروشتێکی ئاگاییانەی هەیە، بەڵام ڕووانگەی نوێدا بە شێوەی نائاگا بەرهەم دێت.

٣. میتافۆر لە بۆچوونی دێرینەدا تایبەتە بە کەسانی دیاریکراو، بەڵام ڕووانگەی نوێ سەرلەبەری ئەم بۆچوونە ڕەت ئەکاتەوە و پێی وایە، میتافۆر تایبەتە بە هەموو ئاخێوەرێك، کە خاوەنی ئاوەز و زمان بێت.

ئەکرێت ئەو ڕاستییەیش ببگوترێت، کە چەمکە کۆنکریتییەکان، بێ میتافۆرەکان پوخت نین، بۆ نموونە (عەشق)، بێ میتافۆر عەشق نییە و واتاکانی هەموو میتافۆرن، وەك: (شێتیی، سەرنجڕاکێشان، هاوسۆزیی، میهرەبانیی و هاوشێوەکانی). (زهرە هاشمی، ١٣٨٩: ١٢٣). دەکرێت پەنجە بۆ ڕاستییە ڕابکێشرێت، کە کاری میتافۆر دروستکردنی زمانێکی تازە و کاریگەرترە، لەگەڵ ئەمەیشدا میتافۆر ئەبێتە هۆی گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، هەر بۆیە هیچ زمانێکی زیندوو پەیدا نابێت، بێ میتافۆر بژی و بتوانێت هەڵبکات و گوزارشت لە دیاردەکان بکات . یەکێکی تر لە تیۆرە گرنگ و بایەخدارەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، سکێمای وێنەییschema (Image)، بە پێویستی ئەزانین ئاماژەیەکی کورت و خێرای پێ بدرێت. ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لەلایەن جانسۆنەوە خرایەڕوو، جانسۆن ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد، کە ئەزموون و توانستە بەرجەستەکراوەکانی مرۆڤ هۆکاری پەیدابوون و دەرخستنی سکێمای وێنەییە لە سیستەمی چەمکی ئاخێوەردا، بە واتایەکی تر سکێما وێنەییەکان لە سیستەمی چەمکی مرۆڤدا لە ڕێگەی ئەزموونی هەستپێکراو و مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا بەرهەم ئەهێنرێن.


٨/ بواری سەرچاوە و بواری مەبەستsource domain and   target domain:

میتافۆری چەمکیی لە بنەڕەتدا ئەزموون و تێگەیشتنی بوارێکی چەمکییە لەسەر بنەمای چەمکێکی تر، ئەوەی لە لە میتافۆری چەمکییدا روو ئەدات پێی ئەوترێت نەخشەکێشان (Mapping)، ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ مەبەستی نیشاندان و خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی، کە لە نێوان هەردوو چەمکی سەرچاوە و مەبەستدا هەیە، کە پرۆسە میتافۆریان بەسەردا هاتووە. کەواتە کۆڤێچێش بۆ تێگەیشتنی پەیوەندیی نێوان هەردوو مەوداکە بوونی سیستەمێکی هاوچەشن بە گرنگ ئەزانێت، لەبەرئەوەی مێشکی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەزموون و سیستەمی چەمکی خۆی هاوچەشنیی بەرهەم ئەهێنێت لە نێوان توخمە چەمییەکانی بواری سەرچاوە و توخمە چەمکییەکانی بواری ئامانج. )کوچش، ١٣٩٣: ٢٠)، کەواتە بوارە چەمکییەکان دوو کۆمەڵەی جیاوازن و لەسەر بنەمای سیستەم کار ئەکەن، واتە لە نێوان هەردوو بواری سەرچاوە و بواری مەبەستدا جۆرێك لە پێکەوەیی و گونجاندن، ئەو پێکەوەیی و گونجاندنە پێی ئەوترێت نەخشەکێشان، وەك لەم خشتەیەدا دەرخراوە:




خشتەی ژمارە (١)، پێکهاتنی بواری مەبەست و بواری سەرچاوە

لێرەدا نموونەیەکی نەخشەکێشان (Mapping)، لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری مەبەست لە میتافۆری چەمکیی (خۆشەویستیی گەشتە)، (Kovecses, ٢٠١٠: ٣))، وەرئەگرین و لە خشتەیەکدا ئەیخەینە بەر دەست:




خشتەی ژمارە (٢)، نەخشەکێشانی میتافۆری چەمکیی (خۆشەویستیی گەشتە).

بواری سەرچاوە (گەشت)   نەخشەکێشان   بواری مەبەست (خۆشەویستیی)

خاڵێکی گرنگ، کە پەیوەندیدارە بە پێکهاتەی میتافۆری چەمکییەوە ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی سروشتیی ئەو چەمکانەی ئەبستراکتن، واتە بوونێکی فیزیکییان نییە بەزۆری چەمکی ئامانجن، لە بەرانبەردا ئەو چەمکانەی، کە بوونێکی فیزیکییان هەیە چەمکی سەرچاوەن. Kovecses,٧:٢٠١٠- ٢٨))، وەك ئاماژەی بۆ کرا، بواری سەرچاوە بوارێکی کۆنکرێتییە، کە مرۆڤ بەهۆی گوزارشتە میتافۆرییەکانەوە لە بوارێکی چەمکی دیکە ئەدوێت، بواری مەبەستیش ئەبستراکتە. کۆڤێچێش، کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی بواری میتافۆری چەمکیی، دیارترین و باوترین بوارەکانی سەرچاوە و ئامانج نیشان ئەدات، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەیانخەینە بەر دەست:

خشتەی (٣)، نموونەی بوارەکانی سەرچاوە و مەبەست

| بواری چەمکی سەرچاوە | بواری چەمکی ئامانج |
|---|---|
| جەستەی مرۆڤ، تەندروستی، گیاندراران، ڕووەکەکان، بینا و تەلارەکان، ئامراز و ئامێرەکان، وەرزش و یاریکردن، گەرمیی و ساردیی، کەشوهەوا، پارە و مامەڵەی ئابوریی، خواردن و چێشتدروستکردن، ڕووناکیی و تاریکیی، هێز و جووڵە و ئاڕاستەکان. | سۆز، ئارەزوو، ئاکار، بیرکردنەوە، کۆمەڵگە و نەتەوە، سیاسەت و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، پەیوەندیکردن، کات، ژیان و مەرگ، ڕووداو و کردارەکان. |

## ٨/ جۆرەکانی میتافۆرە چەمکییەکان The types of conceptual :

لاکۆف و جانسۆن بە پێی تایبەتمەندیی هەردوو بواری چەمکی سەرچاوە و مەبەست، چەند جۆرێك لە میتافۆری چەمکییان دەستنیشانکردووە، لە خوارەوە بەکورتیی جۆر و پێناسەکانیان ئەخەینەڕوو:


میتافۆری ئاڕاستەییOrientational metaphor: بە بڕوای لاکۆف و جانسۆن خواستنی ئاڕاستەیی ئەوەیە، کە واتاکان بە پێی (ئاڕاستە/لایەن)ی فیزیکی و داکەوتنیان لە شوێندا وەك: ژێر، ژوور، بەر، دوا، قووڵ، تەنك، و ناوەندی/ پەراوێزی ڕێك ئەخات. ئەم بۆچوونەیان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، جەستەی مرۆڤ شوێنمەند و شوێنگرە و کردەوەی جەستە لەگەڵ دەرەوەیدا پەیوەندیی هەیە.( Lakoff, and ١٩٨٠ :Johnson)، ئەبێت ئەو خاڵە ڕەچاو بکرێت، کە میتافۆرە ئاڕاستەییەکان بە شێوەی ویست و ڕێکەوتن نین، بەڵکو لە ڕێگەی ئەزموونی فیزیایی مرۆڤەوە دروست ئەبێت. زۆر جار میتافۆرە ئاڕاستەییەکان جگە لە بنەمای شوێن، پەیوەندیدارن بە بیرۆکەی کاتەوە، چونکە کات هەڵگری جووڵەیە، وەك: (شەو و ڕۆژ چاوەڕوانم)، لێرەدا میتافۆری چەمکیی کاتەکانی شەو و ڕۆژ هەڵگری جووڵەیەکی فیزیکیی ئاڕاستەیی بەردەوامن.

لاکۆف و جانسۆن لەسەر ئەو باوەڕن، کە میتافۆر لەگەڵ ئەزموونی مرۆڤدا تەواوکەری یەکترن و ناتوانرێت ئەزموون لە میتافۆر جیابکرێتەوە، بەم پێیە بنەمای ئەزموونی لە میتافۆری ئاڕاستەییدا وەك لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا نیشان دراوە، چەقی سەرەکیی میتافۆرە. چەند نموونەیەك لە میتافۆری ئاڕاستەیی ئەخەینە ڕوو:

* شادیی ئاڕاستەی سەرەوەیە، بەڵام دڵتەنگی ئاڕاستەی خوارەوەیە.
* ئاگایی ئاڕاستەی سەرەوەیە/ ڕاستە، بەڵام نائاگایی ئاڕاستەی خوارەوەیە/ چەپە.
* بێداربوون ئاڕاستەی دەرەوەیە، بەڵام خەوتن ئاڕاستەی ناوەوەیە.
* بوێریی ئاڕاستەی سەرەوەیە، بەڵام ترس ئاڕاستەی خوارەوەیە.
* حەسانەوە ئاڕاستەی سەرەوەیە، بەڵام ماندوێتیی ئاڕاستەی خوارەوەیە.

لاکۆف و جانسۆن ئەوەیان خستە ڕوو، کە بنەمای ئەزموونیی لە میتافۆرە ئاڕاستەییەکاندا، چەقی میتافۆرە، ئەزموونیش لە کتلوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر ئەگۆڕێت. (لاکۆف، جانسۆن، ١٣٩٩: ٤٧).

خشتەی ژمارە (٤) بنەمای ئەزموونیی میتافۆری ئاڕاستەیی




٢. میتافـۆری دروسـتەیی Structural metaphor: ئەوانـەن، کـە تیانانـدا چەمکێـك لـە ڕووانگـەی چەمکێکـی دیکـەوە بـە شـێوەی میتافـۆر دەرئەخرێـت. لـەم جـۆرە میتافـۆرەدا بـواری سـەرچاوە میکانیـزم و چوارچێوەیـەك بـۆ بـواری مەبەسـت ئەڕەخسـێت، هەتـا لـەم ڕێگەیـەوە توانـای تێشگەیشـتی زیاتـر بـۆ بـواری مەبەسـت فەراهـەم بکرێـت. لـە جۆرەکانـی تـری میتافـۆردا (ئاڕاسـتەیی و بوونناسـیی)، بەشـێوەیەکی گشـتیی میتافـۆر لەسـەر بنەمـای لێکچوونـی نێـوان ئەزمـوون کار ئـەکات، کـە مـرۆڤ لـە شـتە فیزیاییـ، ژینگـەی دەوروبـەر و جووڵـەی جەسـتەوە وەری گرتـووە، لـە کاتێکـدا لـە میتافـۆری پێکهاتەییـدا ڕامـان لەسـەر ئەزمـوون و تێگەیشـتنە کۆمەڵایەتیـی و کلتوورییەکانـە، دیـارە ئـەم ئەزموونانەیـش لـە کلتوورێکـەوە بـۆ کلتوورێکـی تـر ئەگۆڕێـت. (Lakoff and Johnson: ٢٠٠٣). بـۆ نموونـە کاتێـك ئەگوترێـت (بیرۆکـەکان خۆراکـن)، مـەرج نییـە لـە هەمـوو کلتوورێـك و زمانێکـدا ئـەم بیرۆکەیـە هێنـدە گرنـگ بێـت و مامەڵـەی خۆراکـی لەگەڵـدا بکرێـت. زیاتـر ئـەم جـۆرە میتافۆرانـە، تایبـەت بـەو کۆمەڵگەیانـەن، کـە لـەڕووی پرسـی ڕۆشـبیریی و کلتوورییـەوە لـە ئاسـتێکی بـەرزان.

لاکـۆف لـە کتێبـە بەناوبانگەکەیـدا (ئـەو میتافۆرانـەی، کـە لەگەڵیـان ئەژیـن)دا، پەنجـە بـۆ ئـەو ڕاسـتییە درێـژ ئـەکات، کـە هـزری مـرۆڤ خـۆی لـە خۆیـدا سروشـتێکی میتافۆریانـەی هەیـە، نموونـەی میتافـۆری چەمکـی پێکهاتەیـی (مشـتومڕ جەنگە)، ئەخاتـە ڕوو و پێـی وایـە ئـەم جـۆرە ڕوواینـە لـە هزرێکـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کـە خاڵـە لێکچوونەکانـی نێـوان مشـتومڕ و جەنـگ ئەبینێـت و توانـای درککردنـی هەیـە. هـەر میتافۆرێکـی پێکهاتەیـی لـە سـێ پێکهێنـەری وەك (بـواری سـەرچاوە، نەخشەکێشـان، بـواری مەبەسـت)، پێکدێـت. بڕوانـە: (Lakoff and Johnson: ٢٠٠٣).

٣. میتافـۆری بوونناسـیی Ontological metaphor: میتافـۆری بوونناسـیی یەکێکـی تـرە لـە جۆرەکانـی میتافـۆر، پەیدابوونـی ئـەم میتافۆرە بەهـۆی ئەوەوەیـە، کـە ئەزموونـی فراوانـی مـرۆڤ لەگـەڵ شـتە فیزیکییـەکان، بەتایبـەت لەشـی مـرۆڤ خـۆی، بنەمـای ژمارەیەکـی زۆری ئـەم جـۆرە میتافۆرانـەن. میتافـۆری بوونناسـییدا چەمکـە ئەبسـتراکتەکان لـە وێنـەی هەسـت و سـۆز، بیرۆکـەکان، ڕووداو و چالاکییـەکان، لـە ڕێگـەی قـەوارە و بوونـە فیزیکیـی و ماددییەکانـدا مامەڵـەی لەگەڵـدا کـرا، ئیـدی ئەتوانیـن ئـەو چەمکـە پۆلێـن بکەیـن، یـان بـڕ و چەندییەکـەی دیـاری بکەیـن و تەنانـەت تێبفکرێـن و لێکدانـەوەی بـۆ بکەیـن. هەڵبەتـە لەشـی مـرۆڤ نزیکتریـن ئـەو ئۆرگانەیـە، کـە لـە خـودی خۆیـەوە نزیکـە، هـەر بۆیـە زیاتـر نـاوی ئـەو ئۆرگانـەی هێنـاوە و بـەکاری بـردووە بـۆ وەسـفکردن، یـان دەرخسـتن ئـەو شـتانەی ویسـتوویەتی باشـتر تێیـان بـگات و لێیـان وردبێتـەوە. کەواتـە ئەگـەر بـە مێـژووی کۆنـی مرۆڤـدا بچینـەوە، ئەبینیـن لەشـی مـرۆڤ خـۆی وەك مـەودای سـەرچاوە بەکارهاتـووە بـۆ وێناکـردن و چەمکاندنـی بـوارە پـتر ئەبسـتراکتەکانی ئامانـج. (هۆشـەنگ فـارووق جـەواد، ٢٠٢٢: ٥٠).

لاکـۆف و جانسـۆن بەشـێوەیەکی گشـتیی میتافـۆری بوونناسـییان بەسـەر سـێ بەشـدا پۆلبەندیـی کـردووە، کـە ئەمانـەن میتافـۆری بوونناسـیی (بـوون و مـاددە، کۆنتەینەر/دەفـر، مرۆڤانـدن).

## میتافۆری بوونناسیی (بوون و مادده):

ئەم جۆرە میتافۆرە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی بەباشی لە بابەتێك بگەین و بتوانین بەشێوەیەكی ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ئەزموون و مرۆییەكاندا بكەین. لاكۆف و جانسۆن ئاماژەیان بە (هەڵئاوسان قەوارەیە)، كردووە، كە نموونەیەكە لەم جۆرەی میتافۆر و بەرجەستەكراوی ئەو میتافۆرە چەمكییەی خوارەوەن. (Lakoff and Johnson: ٢٠٠٣) بڕوانە: (هۆشەنگ فاروق جەواد، ٢٠٢٢: ٥٢).

* هەڵئاوسان گوزەرانی خەڵكی خراپ كردووە.

* ئەگەر هەڵئاوسان بەردەوام بێت، كەسمان بە زیندوویی دەرناچین.

* ئەبێت شەڕی هەڵئاوسان بكەین و لە ناوی ببەین.

* كڕینی زەوی باشترین ڕێگایە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵئاوساندا.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا میتافۆرە چەمكییەكان لە كلتوورێكەوە بۆ كلتوورێكی تر، یاخود لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی تر یەكسان و وەك یەك نین. بوونی میتافۆرەكەی سەرەوە (هەڵئاوسان قەوارە)، ئەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو كۆمەڵگانەی، كە لەناو دۆخی هەژاریین و ڕووبەڕووی قەیرانی هەڵئاوسان بوونەتەوە.

میتافۆری بوونناسیی (دەفر/ كۆنتەینەر): ئەم جۆرە میتافۆرە دەربارەی دیاردەكان و شتەكانی دەوروبەرە، كە بێ قەبارەن و بوونی ناوەكیی و دەرەكییان نییە. وەها لێك ئەدرێنەوە، كە هەڵگری قەبارە و بوونی ناوەكیی و دەرەكیی بن. (Lakoff and Johnson, ٢٠٠٣: ٢٥)، وەك:

* لەناو كێشەیەكی زۆر گەورەدایە. (كێشە وەك دەفر).

* دڵم وا تەقی. (دڵ وەكو دەفر).

* چووەتە ناو بیركردنەوەیەكی قووڵەوە. (بیركردنەوە وەك دەفر).

میتافۆری بوونناسیی (مرۆڤاندن): لەم جۆرە میتافۆرەدا چەمكە ئەبستراكتییەكان، كە تایبەتمەندیی مرۆڤیان نییە، مامەڵەی مرۆڤیان لەگەڵ دەكرێت و وەك مرۆڤ وێنا ئەكرێن، لەم ڕێگەیشەوە ئەتوانرێت زۆرێك لەو ئەزموونانەی، كە پەیوەست بە دیاردە نامرۆییەكانەوە، پاڵنەر، تایبەتمەندیی و چالاكییە مرۆییەكانەوەن درك بكرێن. (Lakoff and Johnson, ٢٠٠٣: ٢٥)، وەك:

* دەستی ڕۆژگار دای بەسەریاندا. (ڕۆژگار وەك مرۆڤ).

* ڕۆژێك بێت، ئەم ئازارە ئەمكوژێت. (ئازار وەك مرۆڤ).

* باوێشكی ئەشكەوت. (ئەشكەوت وەك مرۆڤ).

## ٩/ شیكاریی میتافۆرە چەمكییەكان لە شیعرەكانی مەولەوییدا:

لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین، هەندێك لە چەمكە میتافۆرییەكانی دەقە شیعرەكانی مەولەویی ڕاڤە بكەین.

١. میتافۆری ئاڕاستەیی: لەم جۆرە میتافۆرەدا واتاكان بە پێی (ئاڕاستە/لایەن)،ی فیزیكیی و داكەوتنیان لە شوێندا وەك: ژێر، ژوور، بەر، دوا، قووڵ، تەنك، ناوەند، یان پەراوێز ڕێك ئەخات. ئەم بۆچوونە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، كە جەستەی مرۆڤ شوێنمەند و شوێنگرە و كردەی جەستە لەگەڵ دەرەوەییدا پەیوەندیی هەیە. لە بەشی پێشوودا ئەوە باسكرا، كە میتافۆر كار لەسەر بوار ئەكات، كە ئەوانیش (بواری سەرچاوە) و (بواری مەبەست)ن، بە چەشنێك وا دەرئەكەوێت كاری نەخشەی میتافۆرەكان لە بواری سەرچاوەوە بەرەو بواری مەبەست چنراون. وا ئەكات بەهۆی بواری سەرچاوەوە تێگەیشتن لە ڕووبەر و پانتایی ئەزموونی مرۆڤ ئاسان بێت، بواری مەبەست ئەبێتە ئەو چەمكەی ، كە


نووسـەر، یـان قسـەكەر هەوڵـی ڕاڤەكردنـی ئـەدات. كەواتـە بـواری مەبەسـت و سـەرچاوە، ئەكەینـە بنەمـا بـۆ ڕاڤەكردنـی چەمكـە میتافۆرییەكانـی شـاعیر.

پەی چێش؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن

سەنەی باڵغیش صەد هەزار ساڵەن (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٧٦).

بـە وردبوونـەوە لـە بەیتەكـەی سـەرەوە دەرئەكەوێـت، (مەیـل لەیـل)، مـەودای سـەرچاوەی دەقەكـەی پێكهێنـاوە، شـاعیریش (مـرۆڤ)، بـواری مەبەسـتی سـازكردووە. (مەیـل لەیـل)، كـە بەشـێكە لـە عەشـقی خـودا ئـەو ئاڕاسـتە فەزاییـە، كـە چەشـنی میتافـۆری ئاڕاسـتەیی (نـاوەوە بـۆ دەرەوە)ی هەڵگرتـووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە تێڕامـان و وردبوونـەوە لـە دەقەكـە ڕوون ئەبێتـەوە، كـە (مەیـل لەیـل)، بـە واتـای سـیمانتیكیی بەكارنەهێـنراوە، بەڵكـو هەڵگـری واتـای میتافـۆرە و چەمكـی ( گەنجیـی) لـە ئەسـتۆ ئەگرێـت. لێـرەدا ئەگەڕێینـەوە بـۆ پیشـاندانی ئـەو هێڵكارییـەی لاكـۆف و جانسـۆن، كـە بـۆ وێناكردنـی میتافـۆری چەمكیـی ئاڕاسـتەیی دایـان هێنـا:

خشتەی ژمارە (٥)، میتافۆری چەمكیی ئاڕاستەیی (گەنجیی).




من وێم زانوو بی ئەمریم كەردەن

أطاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن

عورم سەراپا غەرق غەفڵەتەن


زاد ئاخرم بار خەجڵەتەن

بەڵام مشیۆ تۆ وە فەضڵەكەی وێت

كردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت (دیوانی مەولەویی، ٦١:١٣٧٨).

مەولەویـی یەكێكـە لـەو شـاعیرانەی، كـە مامەڵەیەكـی زۆری لەگـەڵ چەمكـی شـەرمدا كـردووە. لێـرەدا بەسـتەری میتافۆری ئاڕاسـتەیی لـە وشـەی (خەجڵـەت/ شـەرم)دایە، كـە چەشـنی (ئاڕاسـتەی خـوارەوە)، و چەمكـی (زەبوونیـی)، ئەگرێتـە خـۆی. خەجاڵەتیـی/ شـەرمی مەولەویـی لەوەدایـە، كـە بـێ فەرمانـی خـوای كـردووە، نەیتوانیـوە فەرمانەكانـی، كـە لەسـەر شـانیەتی جێبەجـێ بـكات. بۆیـە پارچـە نغرۆیەكـە لەنـاو بێئاگایـی و غەفڵەتـدا، هەروەهـا لـە دەقەكـەدا چەمكـی (غەفڵـەت) هاتـووە، ئەویـش خـۆی لـە میتافـۆری چەمكیـی ئاڕاسـتەییدا ئەبینێتـەوە و جـۆری ئاڕاستەكەیشـی بـۆ (خوارەوە)یـە.


خشتەی ژمارە (٦) میتافۆری چەمكیی ئاڕاستەیی (غەفڵەت و شەرم).



هەر چیت دابو پێم یەك یەك دامەوە
حیساب حەشرت وا وە لامەوە (دیوانی مەولەویی، ۱۳۷۸: ۵۳۳).

مەولەویی لەم دەقە شیعرەدا باس لە بابەتی مردن و هاتنی قیامەت ئەکات و مردنیش لای ئەم شاعیرە واتای چەمکی بێباکیی و بێمنەتیی هەڵئەگرێت، واتە بەستەری میتافۆری ئاڕاستەیی لە وشەی (قیامەت)دا، چڕبووەتەوە و ئاڕاستەکەی (خوارەوە)یە. شاعیر بێمنەت و بێباکە بەوەی، کە خودا هەرچی لەم دنیا کاتییەدا پێ داوە و لێی وەرگرتووەتەوە، ئەمەش لوتکەی خوداپەرستیی و دنیانەویستیی مەولەویی دەخاتە روو. وێڕای بوونی میتافۆری ئاڕاستەیی، دەرئەکەوێت لە دەقەکەدا جۆرێکی تر لە میتافۆری چەمکیی بووناسیی هەیە و لە وشەی (مردن)دا چڕکراوەتەوە، واتە (مردن وەك دەفر)، وێنا کراوە.


خشتەی ژمارە (۷) میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی (قیامەت).




ئاماوە وەهار، وەها شادی
بۆی عەتر نەسیم غونجەی ئازادی
خێڵ خانەی خەفەت بار نیەش کەردەن
مەینەت رۆ نیان وەماوای مەردەن
خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بیەن
هەوارگەی قەدیم نە دەسش شیەن (دیوانی مەولەویی، ۱۳۷۸: ۳۸).

لە نێو ئەو دەقەی سەرەوەدا بەستەری میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی لە وشەی ( خەمئاوابوون)دا، چڕبووەتەوە، ئاڕاستەی (سەرەوە) و چەمکی (شادیی/ بەختەوەریی)، لەخۆئەگرێت.


خشتەی ژمارە (۸) میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی (خەمئاوابوون).




هەر کەس تەوەلود دووبارەش نیەن
هەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن (دیوانی مەولەویی، ۱۳۸۷: ۲۵۹).

لە نموونەکەی سەرەوەدا، میتافۆری چەمکیی لە هەر یەکە لە وشەی (تەوەلود/ لەدایکبوون)دایە، جۆری میتافۆرەکەش ئاراستەییە و ئاستی (سەرەوە)، لەخۆئەگرێت و هەڵگری چەمکی (شادیی/ بەختەوەریی)یە. بەو پێیەی شاعیر ئاماژە بۆ جۆرێکی تری لەدایکبوون ئەکات، کە جیاوازە لە لەدایکبوونەکە ئاسایی و سروشتییەکە و هەموو کەس پێیدا ناڕوات و ئەزموونی ناکات، بەڵکو ئەمە تەنها ئەزموونێکە، مەولەویی خاوەندارێتیی ئەکات.

خشتەی ژمارە (٩) میتافۆری چەمکیی ئاراستەیی (تەوەلود).





ئیمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە

سەر تا پای تەنم ئایر وەرداوە (دیوانی مەولەویی، ١٣٨٧: ١٩).

لە دنیای ئەزموون و بیر و ئەندێشەی مرۆڤدا وشەی (ڕۆژ/ سبەینیان)، لە ئاستی (سەرەوە) جێ ئەگرێت، لە بەرانبەردا وشەی (شەوان)، ئاراستەی (خوارەوە) لەخۆئەگرێت و هەڵگری چەمکی (بێداریی/ بێقەراریی)یە. جێی ئاماژەیە، کە مەولەویی بە یەکێك لەو شاعیرانە ئەژمێردرێت، کە چەمکی (شەو)، زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە دەقە شیعرییەکاندا هەیە، بێگومان ئەم دیاردەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و مامەڵەی تایبەتی شاعیر لەگەڵ شەودا.

خشتەی ژمارە (١٠)، بنەمای ئەزموونیی میتافۆری ئاراستەیی (شەو).





دایم دل ڕەنجوور هیجران یارم

زنجیر جەفای زوڵف نیگارم (دیوانی مەولەویی، ١٣٨٧: ١٩).

میتافۆری چەمکیی ئاراستەیی ئەم دەقە برییتیە لە وشەی (هیجران)، کە ئاراستەی (خوارەوە) و چەمکی ( نائارامیی)، ئەگرێتەوە. لە بەرانبەردا وشەی (ویساڵ)، کە لە دەقەکەدا نەهاتووە، ئاراستەی (سەرەوە) و چەمکی (بەختەوەریی و شادیی)، پێك ئەهێنێت.

خشتەی ژمارە (١١)، بنەمای ئەزموونیی میتافۆری ئاراستەیی (هیجران).




٢. میتافۆری پێكهاتەیی: ئەوانەن، كە تیاناندا چەمكێك لە رووانگەی چەمكێكی دیكەوە بە شێوەی میتافۆر دائەڕێژرێت. هەڵبەتە توانای ئەو میتافۆرە پێكهاتەییە بۆ گرێدانی دوو شتی تەواو جیاوازە بۆ خەیاڵی مرۆڤ ئەگەڕێتەوە، چونكە لێكچوون و جیاوازییەكان لە رێگەی خەیاڵ و بیركردنەوەی مرۆڤەوە دێتە كایەوە، وەك:


وە نسیوت بۆ سەرمایەی ئیمان

نەوی وە ڕێش خەند سوخریەی شەیتان (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٨٧).

بە وردبوونەوە لە میتافۆری پێكهاتەیی (ئیمان سەرمایە)یە، ئەو راستییە بەرجەستە ئەبێت، كە (ئیمان)، وەكو یەكەیەكی ئەبستراكتی بواری مەبەست، لە رێگەی ئەزموونكردنی (سەرمایە)وە، كۆزانیاریی بەرجەستە ئەكرێت. بە واتایەكی تر زۆرترین كۆزانیاریی لە (ئیمان)دا، كە بواری مەبەستە، بەهۆی چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ (سەرمایە)دا، كۆبووەتەوە. واتە بەهۆی (سەرمایە)وە، كە بواری سەرچاوەیە بەرجەستەی (ئیمان)، كە كراوە. لێرەدا نەخشەكێشانی (Mapping)، لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری مەبەست لە میتافۆری چەمكیی (ئیمان سەرمایە) دا روون ئەكەینەوە:

خشتەی ژمارە (١٢)، نەخشەكێشانی میتافۆری چەمكیی (ئیمان سەرمایەیە).

بواری سەرچاوە (سەرمایە) نەخشەكێشان بواری مەبەست (ئیمان)





سوود سەرمایەی عەقیدەكەی وێت

وەر نە من لافاو تاوانان بەردەم (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٢٤).

میتافۆری چەمکیی پێکهاتەیی دەقەکەی سەرەوە بریتییە لە (تاوان سەرگەردانییە)یە، ئەو راستییە بەرجەستە ئەبێت، کە ( تاوان )، بواری مەبەستە و بەهۆی (لافاو)وە، کە بواری سەرچاوەیە، وێنا کراوە. دیارە پەیوەندیی و گونجاندنێك لە نێوان (تاوان و لافاو)دا هەیە و ئەبێتە نەخشەکێشان (Mapping)) :

خشتەی ژمارە (١٣)، نەخشەکێشانی میتافۆری چەمکیی (تاوان لافاوە).

بواری سەرچاوە (تاوان) نەخشەکێشان بواری مەبەست (لافاو)




میتافۆری بوونناسیی: لە میتافۆری بوونناسییدا چەمکە ئەبستراکتەکان لە وێنەی هەست و سۆز، بیرۆکەکان، رووداو و چالاکییەکان، لە رێگەی قەوارە و بوونە فیزیکیی و ماددییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئیدی دەتوانین ئەو چەمکە پۆلبەندیی بکەین، یان بڕ و چەندێتییەکەی دیاری بکەین و تەنانەت تێ بفکرێن و لێکدانەوەی بۆ بکەین. وەك پێشووتر نیشان درا ئەم جۆرەی میتافۆر بەسەر سێ جۆردا پۆلێن کراوە، ئەوانیش بریتین لە (میتافۆری بوونناسیی بوون و ماددە، میتافۆری بوونناسیی کۆنتەینەر/دەفر، میتافۆری بوونناسیی مرۆڤاندن). لێرەدا نموونەی شیعرییان بۆ ئەهێنینەوە.

### ١. میتافۆری بوونناسیی بوون و ماددە:

کوورەی ئارەزوو جۆش سەختشەن

ئای بێ مەیل، دەخیل وەختشەن (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٤١٠).

پاش تەماشاکردنی دەقە شیعرییەکە، ئەوە درك ئەکرێت، کە کۆدی دەقە شیعرییەکە لە (کوورەی ئارەزوو)دا، چڕبووەتەوە، بەجۆرێك (کوورە)، بواری سەرچاوە و (ئارەزوو)، بواری مەبەستە. بەم پێیە (ئارەزوو)، بە هێمای (أ) و (کوورە) کە ئامێرە، بە هێمای (ب)، ئەنوێنرێن و پاساودان بۆ دیاریکردنی بوارەکە بهێنرێتەوە: ئارەزووی گەیشتن بە

دیـدارت، بەجۆرێکـە، وەك کـوورە جۆشـی سـەندووە، بۆیـە شـاعیر داوا لـە مەعشـوقەکەی ئـەکات بـە هانایـەوە بێـت، تاوەکو ئـارەزووی گـەرم و پرجۆشـی دامرکێنێتـەوە.

نەك چون من وضوو وە هووناو ئەستە

خەم سیواك، نمای مەینەتان بەستە


نیشتەی گۆشەی تار نماز خانەی دەرد

روو نە پای میحراو هەناسان سەرد (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ١٥٤).

لێـرەدا کـۆدی دەقـە شـیعرییەکە لـە چەمکـی میتافـۆری ( خـەم سـیواك )دا، چڕبووەتـەوە. بەجۆرێـك، کـە میتافۆرەکـە لـە بەردەوامـی بەکارهێنانـی سـیواك لەلایـەن موسـڵمانانەوە سـوودی لـێ وەرگیـراوە، واتـە لـە لێکچوونـی بەردەوامیـدا وەك یەکـن. لێـرەدا ( سـیواك)، بـواری سـەرچاوە و (خـەم)، بـواری مەبەسـتی پێـك ئەهێنـن. بـەم پێیـە (خـەم)، بـە هێـمای (أ) و (سـیواك) کـە کەرەسـتە، یاخـود ئامێـرە، بـە هێـمای (ب)، ئەنوێنـێن و پاسـاودان بـۆ دیاریکردنـی بوارەکـە ئەهێنێتـەوە. لـە بەشـی تیۆرییـد ئامـاژە بـەوە درا، کـە بـوارە چەمکییـەکان دوو کۆمەڵـەی جیـاوازن و لەسـەر بنەمـای سیسـتەم کار ئەکـەن، واتـە لـە نێـوان هـەردوو بـواری سـەرچاوە و بـواری مەبەسـتدا جۆرێـك لـە پێکەوەیـی و گونجانـدن هەیـە، ئـەو پێکەوەیـی و گونجاندنـە پێـی ئەوترێـت نەخشەکێشـان، وەك لـە پەیوەندیـی نێـوان وشـەی (خـەم و سـیواك)، بـە ئاشـکرا دەرکەوتـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا میتافـۆرە چەمکییـەکان لـە هەمـوو زمـان و کلتوورێکـدا یەکسـان و وەك یـەك نیـن، بـۆ نموونـە (سـیواك)، تایبەتـە بـەو نەتەوانـەی، کـە پەیـڕەوی ئایینـی ئیسـلام ئەکـەن و موسـڵمانن، وەك لـە خشـتەکەدا نیشـان دراوە:

خشتەی ژمارە (١٤)، نەخشەکێشانی میتافۆری چەمکیی (خەم سیواکە).

بواری سەرچاوە (سیواك) نەخشەکێشان بواری مەبەست (خەم)




نمونەی دڵ شووشە بۆ ئێرە دەبێت.

٢.میتافـۆری بوونناسـیی کۆنتەینەر/دەفـر: بوونـی ئـەم جـۆرە میتافـۆرە بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە، زۆر جـار مـرۆڤ بـە پێـی ئـەو شـارەزایی و ئەزموونـەی هەیەتـی، وەك دەفرێـك مامەڵـە لەگـەڵ شـتەکانی دەوروبـەری خۆیـدا ئـەکات، وەك لـە نموونەکـەی خـوارەوەدا دەرئەکەوێـت:

**جلیوەی جەلای جام دڵەی پڕ جە گەرد**

فەرمات پەی تەزبێع ها ڕەوانەم کرد (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ١٥٤).

ئـەو کـۆدە شـیعرییەی، کـە لـەم دەقـەدا چڕبووەتـەوە بریتییـە لـە (دڵـی پـڕ گـەرد/ دڵـی پـڕ خـەم)، بـە چەشـنێك (خـەم)، بـواری سـەرچاوە و (دڵ)، بـواری مەبەسـتی پێکهێنـاوە. لێـرەدا (دڵ)، بـە هێـمای (أ) و (خـەم)، بـە هێـمای (ب)، ئەنوێنرێـن و پاسـاودان بـۆ دیاریکردنـی بـواری ئەهێنرێتـەوە. دڵـی شـاعیر، کـە بـواری مەبەسـتی میتافۆرەکـەی پێکهێنـاوە، وەك دەفرێـك تەماشـای کـراوە، کـە هەندێـك جـار خـەم تێـی ئەچێـت و بەهۆیـەوە کەسـە خەمبـار و نیگـەران ئەبێـت، ئـەم لایەنـە ئەبسـتراکتە بۆئـەوەی زیاتـر روون بێتـەوە، خراوەتـە نـاو چوارچێوەیەکـی دەفرییـەوە و هـەر لەوێـوە ئاشـنایی لەگـەڵ ئـەم چەمکـە پەیـدا ئەبێـت.

**کۆز سۆچیای دەروون پڕ دەرد**

ماڵات شادیم یەکسەر قڕان کەرد (مەولەویی، ١٣٧٨: ٤١٩).

میتافـۆری چەمکیـی بوونناسـیی دەقەکـە بریتییـە لـە (دەروونـی پـڕ لـە دەرد)، بەجۆرێـك (دەروون دەفـرە) و شـوێنی کۆبوونـەوەی ئـازار و ناخۆشـییە، بـە چەشـنێك دەرد بـواری سـەرچاوە و دەروو بـواری مەبەسـتی میتافۆرەکـە پێـك ئەهێنێـت.

٣. میتافـۆڕی بوونناسـیی مرۆڤانـدن: ئـەم جـۆرە میتافـۆرە تایبەتمەندییەکـی ئاخاوتنـە، کـە تیایـدا شـتێك، یـان بوونێکـی فیزیکیـی وەکـو مـرۆڤ وێنـا ئەکرێـت. ئـەم جـۆرە میتافـۆرە لـەم دوو نموونـە شـیعرییەدا بەرجەسـتە بـووە:

پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خەجڵ

دیم شادی وەس دا ئە دەروازەی دڵ

واتم نامانی هەرگیز های چێشەن

لەب بەردەوە چێش نامەیێ پێشەن (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ١١٠).

بـەو پێیـەی سـیفەتی (دوانـدن)، کردەیەکـە لـە بنەڕەتـدا تایبەتـە بـە مـرۆڤ، هـەر هەمـان سـیفەتیش بـە (شـادیی)، دراوە، کـە ناوێکـی واتاییـە و خـۆی هێـزی ئاخاوتنـی نییـە. کـۆدی دەقـە شـیعرییەکە بریتییـە لـە (شـادیی مرۆڤـە)، بەجۆرێـك (مـرۆڤ)، بـواری سـەرچاوە و (شـادیی)، بـواری مەبەسـتی میتافۆرەکـە پێـك ئەهێنێـت.

خشتەی ژمارە (١٥)، میتافۆری چەمکیی بوونناسی/ مرۆڤاندن (شادیی وەك مرۆڤ).

| بواری سەرچاوە | بواری مەبەست |
|---|---|
| مرۆڤ | شادیی |

چەپگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد

وە ظاهر (بانە ش وە بەهانە کەرد (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٨).

روونـە، کـە سـیفەتی (هەڵـدان)، کردەیەکـە تایبەتـە بـە مـرۆڤ، ئەتواندرێـت ئـەو راسـتییە دەربخرێـت، لـە نموونەکـەی سـەرەوە، هەمـان سـیفەت بـە (گـەردوون)، دراوە، کـە خـۆی هێـزی کردەی هەڵدانـی نییـە. کـۆدی چەمکـە میتافۆرییەکـە بریتییـە لـە (گـەروون وەك مـرۆڤ)، بەجۆرێـك (مـرۆڤ)، بـواری سـەرچاوە و (گـەردوون)، مـەودای مەبەسـتی میتافۆرەکـە پێـك ئەهێنێـت.

خشتەی ژمارە (١٦)، میتافۆری چەمکیی بوونناسی/ مرۆڤاندن (گەردوون وەك مرۆڤ)ە.

| بواری سەرچاوە | بواری مەبەست |
| --- | --- |
| مرۆڤ | گەردوون |

پێشنیار و راسپاردە:

١. نووسین و تەرخانکردنی توێژینەوەی زیاتر پەیوەست بە دەقە شیعرییەکانی مەولەویی و بەستنەوەیان بە رێباز و تیۆرەکانی زانستی زمانەوە.

٢. لێکدانەوە و راڤەکردنی چەمکی میتافۆرییەکانی نێو دەقە شیعرییەکانی شاعیر، بەتایبەت میتافۆری چەمکیی (عەشق، کات، شوێن، ژیان و مردن).

٣. لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکانی مەولەویی بە پێی تیۆری ئاوێتە، کە یەکێکە لەو تیۆرە نوێیانەی ئەمڕۆ و ئەکرێت لە بواری شیکردنەوە دەقی شیعرییدا بەسوود بێت.

## ئەنجام:

### لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشتین، کە:

١. زانستی زمانی درکپێکردن بە یەکێك لە زانستە گرنگ و پڕبایەخی نێو لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی دائەنرێت، سەرنجی زمانەوانانی بە لای خۆیدا راکێشاوە، تا لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ئەم پێشکەش بکەن. میتافۆری چەمکیی یەکێکە لەو تیۆرە نوێ و کاریگەرانەی زانستیی درکپێکردن، کە لایەن لاکۆف و جانسۆنەوە رابەرایەتی دەکرا، ئەو پێشەنگانە میتافۆر بە پێداویستییەکی زمان ئەزانن و جەخت ئەکەنەوە، کە میتافۆر بەشێوەیەکی نائاگایانە بەرهەم دێت. میتافۆریش لە سێ پێکهێنەری وەك (بواری سەرچاوە، بواری مەبەست، نەخشەکێشان) پێك دێت، خودی نەخشەکێشان ئەبێتە خاڵی یەکانگیریی و پەیوەندیی نێوان هەردوو بوارەکە.

٢. بەکارهێنانی چەمکە میتافۆرییەکان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەوییدا، تەنها لایەنی هونەریی و جوانکاریی لەخۆ ناگرن، بەڵکو ئەرکێکی گرنگتر لەخۆ ئەگرن، ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر لە رێگەی چەمکانەوە گوزارشت لە دنیابینیی، ئەزموون و دیوی ناوەوەی رووداو و شتەکانی دەوروبەر و ژینگەکەی ئەکات. ئەنجامی توێژینەوەکە نیشانی ئەدات، کە مەولەویی مامەڵەیەکی زیرەکانە و داهێنەرانەی لەگەڵ زماندا کردووە و بەهۆیەوە چەندین میتافۆری چەمکیی بەرهەم هێناوە، بەشێك لەو چەمکانەیش بریتیین لە میتافۆری چەمکیی عیرفانیی، وەك (ئایین، ئیمان، قیامەت، شەو، سیواك، دڵ، هیجران، خەم، تاوان، غەفڵەت، شەرم، گەنجیی، شادیی و بەختەوەریی)، بەکارهێنانی ئەم چەمکانەیش، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و شارەزایی عیرفانیی مەولەویی.

٣. هەموو میتافۆرە چەمکییەکان لە شیعری شاعیردا بەرجەستە کراون، لەوانە میتافۆری چەمکیی (ئاراستەیی، پێکهاتەیی، بوونناسیی)، لەو نێوەندەیشدا میتافۆری چەمکیی ئاراستەیی رێژەیەکی بەرچاوی بۆ خۆی تەرخان کردووە، کە چەشنی ئاراستەی (خوارەوە، سەرەوە، ناوەوە بۆ دەرەوە)، هەڵئەگرێت.

**سەرچاوە:**

سەرچاوە کوردییەکان

- رووخسار نەبی مەقدید (٢٠٢٢)، فرەواتایی لە چاووگی (خواردن، گرتن)، لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری توێژەر، ژمارە (٢).

-شاهۆ ساڵەح حەمە حوسێن (٢٠٢٣)، درکپێکردنی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو لە رێزمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی.

- شیلان رەحیم ئیبراهیم (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی.

- کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی رێزمانی کوردیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، بەشی (B)، ژمارە (٣٤).

مەلا عەبدولکەریم مودریس (١٣٨٧)، دیوانی مەولەویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، سنە (کوردستان).

- گۆنا عومەر عەبدوڵلا (٢٠٢٣)، تۆڕبەندی رێزمانی وشە لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی.

- هۆشەنگ فارووق جەواد (٢٠٢٢)، پوختەیەکی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان و پەیڕەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدیۆمی کوردییدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیی، ژمارە (٤٩).

سەرچاوە فارسییەکان:

- جرج لیکاف و مارك جانسون (١٣٩٩)، استعارەهایی کە باور داریم، مترجم: راحلە گندمکار، نشر علمی، تهران.

- زهرە هاشمی (١٣٨٩)، نظریە استعارە مفهومی از دیدگاە لیکاف، مجلە ادب پژوهشی، شمارە دوازدهم، تابستان.

- کوچش (١٣٩٣)، مقدمەای کاربردی بر استعارە، ترجمە شیرین پور ابراهیم، انتشارات سمت، تهران.

- محمد راسغ مهند (١٣٩٨)، درآمدی بر زبان شناسی شناختی، نظریە و مفاهیم، تهران.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Evans, Vyvyan and Melanie Green (٢٠٠٦), Cognitive Linguistics: A Complete Guide, Edinburgh University Press.

- Geerarts, D. & Cuyckens, H. (٢٠٠٧), The Oxford handbook of Cognitive Linguistics, Oxford University Press, New York.

- Kovecses, Z. (٢٠١٠), Metaphor: A practical introduction. Oxford: Oxford, University Press.

- Lakoff, G. and M. Johnson. (١٩٨٠), Metaphor We Live By. Chicago: The University of Chicago Press.

Lakoff, G. and M. Johnson. (٢٠٠٣), Metaphor We Live By. Chicago: The University of Chicago Press.

مفهوم الإستعارة في أشعار المولوي

ا.م. سرور سعدالله صالح
جامعة جرمو

## الملخص

منذ القدم، استخدم الشعراء والأدباء والكتاب والمبدعون الاستعارة غالباً كأسلوب المحادثة،علاوة على ذلك بهدف تحقيق بعض أهداف الفنية وبيان تأثير البلاغي في كل من كلام ونص المكتوب. مقابلاً من النظرة القديمة للاستعارة،

يوجد مفهوم آخر الـذي يسـمى بـالإدراك اللغـوي، لـه رؤيـة مختلفـة تماما لمفهـوم الاسـتعارة وهـم يـرون أن النظـام الـدلالي الـذي اعتـاد عليـه النـاس يوميـا، ويعيشـون معهـا حتـى يفكـرون مـن خلالهـا وهـو في الأسـاس مخطلـة بالاسـتعارة. لذلـك أن الانسـان مـن خـلال خبراتـه و فهمـه للأشـياء وذلـك بسـبب النـوع أو الموضـوع وأشـياء الاخـرى يفهـم مـن مضمـون الاسـتعارة، ومـن هـذا المنطلـق تعمـل الاسـتعارة عـلى المـدى، وهـي المـدى المصـدر و المـدى الغـرض، و تعـرض نتيجـة هـذا البحـث أن النصـوص الشـعرية للمولـوي أن عمـل خريطـة الاسـتعارة كانـت عـلى شـكل مـن المـدى المصـدر إلى المـدى الغـرض . مـن خـلال المـدى المصـدر نفهـم مـن الحجـم و المسـاحة الخـبرات الانسـان بسـهولة، ويكـون المصـدر الغـرض مفهمـوم الـذي يحـاول الشـاعر تحليلهـا. عـلى رغـم مـن ذلـك أن الشـاعر يبـدع في التعبيرعـن الجانـب الداخـلي والعـالم الخارجـي مـن خـلال عـدة مفاهيـم مسـتعارة مثـلا ( الاتجاهيـة، الصوابيـة، البنيـوي، الوجوديـة) وأبرزهـا اسـتخدام المفاهيـم الاتجاهيـة.

الكلمات المفتاحية:
(الادراك اللغوى، الادراك الدلالي الاستعارة، للمولوي).

# Metaphorical concepts in the Mawlawy's poems cognitive

## Abstract

From the past, the poets and creative writers, used metaphor as a way of utterance. They intended to realize some aims of art and embody the role of rhetoric in the speech and writing. Opposite of the classical view of metaphor, there is another view of metaphor that is cognitive linguistics. Which is totally a different view of metaphor, they believe the systematic meaning that people deal with and use it daily and even think according to the system, basically combined with metaphor. So, people through experience and understanding of something, because of other themes can understand the core of the metaphor. In this aspect, metaphor works on the ranges which are resource range and intention range. The result of the research shows that in the Mawlawy's poems, the metaphorical ranges go from resource range to intention range. Because of the resource range, understanding the experience of the human could be easy, the intention range is a concept that the poet tried to analyse. Besides the poet in a creative way realized the internal and external world of himself. He used some metaphorical concepts such as direction, structure , existence. The most noticeable one is the metaphorical concept of direction.
Keywords: cognitive linguistics, cognitive semantics, metaphor, Mawlawy.